# بۆژانەوەی کۆنەپەرستی مەزهەبی لەکوردستان مەحکومە!

## سەبارەت بەپێکهێنانی "یەکێتی زانایانی ئایینی کورد" لەلایەن حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە

حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران"باڵی موستەفا هیجری" دروستکردنی "یەکێتی زانایانی ئایینی کورد" وپشتیوانی لێکردنی کردۆتە مانشێتی سەرەکی سیاسەتەکانی خۆی. ئەم حزبە بەڕاشکاوی تەواوەوە وبەدوور لەهەر ئەگەرو گومانێك ناوەڕۆکی ئەم سیاسەتەی لەڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی ناوەندی ئەم حزبەدا ڕۆشنکردۆتەوە.

لەژمارەی 498 ی ئەم ڕۆژنامەیەدا و لەبابەتێکدا لەژێرناوی"ڕۆڵی مەزهەب لەهەستان وجەماوەری کردنەوەی خەباتدا!" ئامانج و جەوهەری ئەم سیاسەتە دژە کۆمەلایەتی ودژە خەڵکی و سەراپا کۆنەپەرستانەیەی لەم شیوەیەدا بەیانکردووە:

"حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەکۆنگرەی چواردەیەمی خۆیدا، دروشمی پەرەپێدان وجەماوەری کردنەوەی خەباتی خستۆتەڕوو، لەم راستایەشدا گرنگی پێدانی زۆرتر وڕێکخراوکردنی پتەوتری بوواره کۆمەلایەتیەکانی ناوخۆی کوردستان، بووە بەیەکێك لەئەرکە گرنگەکانی سەرشانی ڕابەری هەڵبژێردراو. یەکێك لەو توێژە کۆمەلایەتیانەی کەلەم ماوەیەدا لەلایەن حزبی دیموکراتەوە گرنگییەکی تایبەتی پێدراوە ولەلێدوانەکانی سکرتێری گشتی حزبدا پێداگری لەسەرکراوە مەلاکان وزانا ئایینیەکانی کوردستان وپشتیوانی حزبی دیموکراتی کوردستانە لەم توێژە"

بەم شێوەیە حزبی دیموکرات هیچ ناڕۆشنییەکی نەهێشتۆتەوە، ئەوساش کەبەرواڵەت بڕیاربووە بە"بوواره کۆمەلایەتییەکانی ناوخۆ" گرنگی بدات و وەکو حزبێکی بورژوا ناسیونالیستی کوردستان وبەپێی ناسینەوەیەکی چینایەتی وسیاسی کەهاوتایە لەگەڵ جیگاو ڕێگای ئەم حزبەدا، بچێتە سۆراغی ئەم تویژە مشەخۆرە کۆمەلایەتییەوە و هەمیشەش بیکاتە تەکیەگایەك بۆخۆی، وە حزبی دیموکراتیش ببێتە تەکیەگایەك بۆیان.

**بەهانە هێنانەوە بۆ شکست و ناکامیە سیاسییەکان.**

لەسەر ڕاوەستانێکی تایبەتی کۆنگرەی چواردەیەمی حزبی دیموکرات لەسەر توێژی "زانا ئایینیەکان وبوواره کۆمەلایەتییەکانی ناوخۆ" بڕیارە بەهانەو پەردەپۆشێك بێت بەسەر شکست و ناکامییەکی سیاسی‌دا کەئەم حزبە لەچەندساڵی ڕابردوودا و بەتایبەت سیاسەتێك کە هەردوو کۆنگرەی دوانزە و سیانزە، بەدواوەی بووە. خۆگرێدانەوەی حزبی دیموکراتی کوردستان بەکەمپی "شەڕەنگیزە ئامادە باشەکانی" پنتاگۆن و بۆش و هەڵبژاردنی ڕێبازی فیدراڵیزم و چەنەحانێ کردن لەڕاڕەوەکانی "ئەنترپرایز" وکۆمەڵەی ڕەگەزپەرستەکاندا، چەند ساڵی ڕابردووی، بەوەهم و بەئومیدی وەرگرتنی بەشێك لەدەسەلات و بەئومێدی نەخشەی عێراقیزەکردنی ئێران لەلایەن ئەمریکاوە، بەڕێ کرد. ئەم تەسەورە و ئەم نەخشەیە بەشکست وکۆتایی بۆشیزم هیچ شتێکی نەهێشتەوە، جگەلە دیپرسیۆنی سیاسی و شکست و لەیەك دابڕانی ناوەکی بۆحزبی دیموکرات وهەموو ئەوهێزانەی کەئەم هیوایەیان هەبوو.

ئەم بێدەرەتانییە سیاسی‌یە وئەم شکست وناکامییە وئەم پاڵدانەوە ئەوپەڕگرە بە"سوپای ئەمریکا"وە، پێش هەموو شتێك ئەبێت بەهانەدار بکرێ و پەردەپۆش بکرێ. سیاسەتەکانی کۆنگرەی چواردەیەمی ئەم حزبەو دروشمێکی وەها فورس "هەستانەوە و جەماوەری کردنەوەی خەبات"، یەکەم بڕیارە چەند ساڵ کڕنوشبردن لەبارەگای بۆش وپنتاگۆندا پەردەپۆشی بکا، دووەمیش: هاوکات درێژەدان بەژیانی سیاسی حزبێك و ڕێبەریەکی شکست خواردوو، کەگوایە دەرسێکی وەرگرتبێت ولەمە وبەدواش "بوواری کۆمەلایەتی ناوخۆ" کەبەگرنگی دەزانێت، تەبریربکات. سێهەمیش بەبینینی کیشمەکیشی کۆمەلایەتی چینایەتی‌یە ئاشکراکان و بزوتنەوە کۆمەلایەتییەکان، ئەو هێزانەی سەربە چەوسینەران وبۆرژوازی وبزوتنەوەی ناسیونالیستی وقەومین، یانی کۆنەپەرستانی مەزهەبی نیو کۆمەڵگای کوردستان ریکخراوکات.

حزبی دیموکراتی کوردستان لەوەتەی دامەزراوە تاکو ئێستا هەمیشە و پەیگیرانە بەرژەوەندی چینە چەوسینەرەکانی کوردستان و نوێنەرایەتی کردنی کۆنەپەرستانی کوردستانی خستۆتە ئەستۆی خۆی، بەپێی دان پێدانانە نوسراوەکانی ڕێبەرانی حزبی دیموکرات وهەر ئەم موستەفا هیجریە، لەسەردەمی دامەزراندنی حزبی دیموکرات و کۆماری مەهاباد دا، سەرانی عەشیرەتەکان و کوێخاکان و کەسایەتییە مەزهەبییەکان، کاربەدەستانی هەر ئەم حزبەو کۆماری مهاباد بوون، و ئەم حزبە لەخزمەتی بەرژەوەندی ئەمانەدابووە وبۆ چەسپاندنی ملکەچی چینی بێبەشانی ئەوسا، یانی جوتیارانی کۆمەڵگای کوردستان لەهەوڵدابووە. لەڕاپەڕینی 57 بەملاوە، واتە لەسێ دەیەی دواییدا بەشایەتی پراکتیکی سەلێنراو و باوەڕپێکراوی زیندوو، حزبی دیموکرات بەردەوام لەبەرامبەر بەرژەوەندی چینی کرێکارو زەحمەتکیش

وژنان و نەوەی لاوی کۆمەڵگای کوردستاندا وەستاوتەوە. پشتیوانی ئەم حزبە لەدەرەبەگە زەبەلاحەکان لەبەرامبەر جوتیاران وخەڵکی بێ زەوی، لەسەرمایەداران وخاوەن کاروکارگەکان وکوورەخانەکان، لەبەرامبەر کرێگاراندا، لەپیاوسالاری و کۆنەپەرستی لەبەرامبەر ژناندا، لەکەلتورو سوننەتی دواکەوتوو، لەبەرامبەر سوننەتی تازەو نەوەی نوێی لاواندا، لەمەزهەب، لەبەرامبەر بێمەزهەبی و سێکولاریزمدا، ئەم پشتیوانییەی کردووە. نە تەنها بەڵگەنامە نوسراوەکان و وێنەو دەنگی ئارشیوکراوی ئەم مێژووە ، بەڵکو ئەم راستیە مێژووی زیندووی کێشمەکیشەکانی چەپ وڕاستی کۆمەڵگای کوردستان لەسێ دەیەی ڕابردوودایە. بەپیچەوانەشەوە لەم سێ دەیەیەدا کۆمۆنیستەکان عونسوری رابەریکردن وکارامەی بەرەی کرێکاران وڕادیکاڵیزم وئازادیخوازی بوون لەبەرامبەر بورژوازی و کۆنەپەرستی وحزبی دیموکرات لەکوردستاندا. گرنگی پیدانی تایبەتی حزبی دیموکرات بەڕێکخستنی مەلاکان و کۆنەپەرستانی مەزهەبی لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت کەحزبی دیموکرات ئەیەوێت بەرلەهەر پێکهاتێکی کۆمەلایەتی تر، کاربەدەستانی لایەنگرلە رژیمی سەرمایەداری وهەلومەرجی مەوجود و پێڕەوانی دژ بەمافی مرۆڤ وئازادیخوازی وبەرابەری خوازی، یانی شەمشەمە کوێرانی کۆنەپەرستی مەزهەبی ڕێکخراوبکات وئەگەریش بۆی بکرێت بەریانداتە گیانی کۆمەڵگاوە.

**کرێکاران، ژنان، لاوان و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان:**

بەچاوپۆشیکردن لەهەر هۆکارو بەلگەیەك کەحزبی دیموکراتی کوردستان بۆ پاساوی سیاسەتی ڕێکخراوکردنی مەزهەبی دەیهێنێتەوە، راگەیاندنی "یەکێتی مەلایانی کورد" بەبی هیچ دودڵییەك دەبێ وەك جەنگێکی سیاسی وعەمەلی، بناسرێت کەلەدژی بەرەی ئازادیخوازی و خەباتی رادیکاڵی خەڵك ولەدژی خەباتی کرێکاران، ژنان، ولاوان بۆبەدیهێنانی مافەکانیان لەبەرچاوگیراوە. حزبی دیموکرات تا ئەم ساتە بەڕاگەیاندنی ئەم سیاسەتە هێزی دڵی بەخشیوە بەگۆشەگیرترین وقێزەوونترین ومشەخۆرترین توێژی کۆمەلایەتی ئەم کۆمەڵگایە و بەتاقمیکی بەلاشخۆر، کەدەستێکیان بۆ کۆماری ئیسلامی ودەستێکی کەشیان بۆ ناسیونالیزم و حزبی دیموکرات درێژکردوە، بۆ ئەوەی کەگۆشەگیری قبوڵ نەکەن وخۆیان ڕێکخراو بکەن، تا نیگەرانی ئەمرۆ وداهاتووی گۆڕانکارییەکان و سبەینێی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی نەبن، چونکە لەباوەشی گەرمی حزبی دیموکراتدا شوێنێکیان هەیە، چونکە کەبەڕاگەیاندنی سوننە چێتی لەبەرامبەر شیعە چێتی شەڕخۆشکەری جەنگی شیعەو سوننە دەبن و دەبنە تەواوکەری بەرێخستنی جەنگی "کوردو غەیرە کورد"ی حزبی دیموکرات، بەلەبەرچاوگرتنی ڕیزبەندی مەزهەبی وخورافەی مەزهەبی "دائیرەی نەهی لەمونکیراتی سوننە چێتی" سازبدەن تالە ئاڵوگۆڕەکانی داهاتووی کۆمەڵگادا، لەکەنار شۆڤێنیزمی پیاوسالارانەی ناسیونالیستی دژ بەژنان بەخەنجەرێکی بەهێزتری"فتوای مەلا ویەکێتی زانایانی ئایینی"یەوە دووبارە ژنان بنێرنەوە سوچی ماڵەوە وفتوای بەرەو ڕوو کردنەوەی جلوبەرگی ئیسلامی وحیجاب وئاپارتایدی جنسی و زەعیفە وبەنیوەی پیاوان حساب کردنی ژنانی پێبسەلمێنن. وە لەڕووبەروو بوونەوەدا لەگەل خەباتی هەقخوازانەی کریکارانیشدا لەکەنار حزبی دیموکرات وسیاسەتە دژە کریکارییەکانی ئەم حزبە راوەستێ و فتوای بەمولحید ناوبردنی رابەرانی کریکاری و قەدەغەی مانگرتن وخەبات وریکخراوەی کریکاری دەرکات. وە دژبە شادی وسەیران وپەیوەندی ئازادی کچان وکوڕان "حوکمی ئیلاهی" دەرکات، وە لە دژی چەپ وکۆمۆنیست وڕادیکالیزم وسێکۆلاریزم فو لەزوڕنای جەنگ بکاو بەرەی حزبی بورژوازی کوردستانی پێ بەهێزبکەن. ئەمەیە ناوەڕۆك وئامانجی ڕاستەقینە وبەردەوامی حزبی دیموکرات لەدروستکردنی "یەکێتی زانایانی ئایینی" لەکوردستان. کرێکاران، ژنان و لاوانی هوشیار و هەموو ئازادیخوازان و سێکولاریستەکان پێویستە تیشکی ڕوناکی بخەنە سەر ناوەڕۆکی کۆنەپەرستانەی سیاسەتی حزبی دیموکرات. هاوکات ڕیزی ئازادیخوازی لەبەرامەریدا بهینە مەیدانەوە تا ئەم پرۆژەیە لەسەرتای لەدایك بوونیدا بەشکستدا بکێشن.

ئەگەر بەرەی ئێمە ئازادیخوازان ویەکسانی خوازان، ئەگەر ریزی کرێکاران، ژنان، لاوان، کۆمۆنیستەکان وسێکۆلاریستەکان بێ وچان دژبەم پرۆژە کۆنەپەرستانەیە هوشیارانەو راوەستاو مامەلە بکەین، ئەوا حزبی دیموکرات لەپێکهێنانی پرۆژە مەزهەبییەکەیدا، جگەلەشکست وڕیسوایی هیچ دەستکەوتێکی بەنسیب نابێت، پێویستییەکانی شکست پێهێنانی خێرای ئەم پرۆژەیەی حزبی دیموکرات بەتەواوی ئامادەیە.

حزبی دیموکرات لەکۆمەڵگایەکدا بەدوای دامەزراندنی ڕێکخراویکی تایبەت و"سەربەخۆ" بۆ کۆنەپەرستانی مەزهەبی ڕۆیشتووە، کە مەزهەب شوێن پێییەکی لەئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەلایەتیەکاندا نییە، حزبی دیموکرات لەکۆمەڵگایەك ولە قۆناغێکدا بەدوای ڕێکخراوکردنی مەزهەبییەکاندا ڕۆیشتووە کەلەئێراندا ڕژێمی مەزهەبی وئیسلامی لەژێر زەڕبەی خەلکدایەو ڕێگای بەرەو ڕووخانی خۆی ئەپێوێت. تەجروبەی سێ دەیەی دەسەلاتدارێتی مەزهەبی وئیسلامی قوڵترین بێزاری ونەفرەتی گشتی دژ بەتەواوی بوونگەرایی مەزهەبی وئیسلام هەلگیرساندووە و پەرەی پێداوە. لەگەڵ ڕوخانی کۆماری ئیسلامیدا تەوازنی هێزی ناوچەیی و وولاتی بەتوندی بە زیانی ئیسلام ومەزهەب ئەگۆڕدرێت، ئەوسا پاڵدانەوە بە "سوننەچێتی وخەباتگێڕی لەدژی کۆماری ئیسلامی" و مونافەسەکردن لەگەڵ "سەلەفیە توندڕەوەکاندا" بەشێوەیەك کەجەریدەی ناوەندی حزبی دیموکرات ئاماژەی پێداوە، نەك جێگای هیوا نییە بۆ ئەم حزبە، بەڵکو ئەبێتە

مایەی سەرشۆڕی بۆی. لەڕاستیدا بەڕوخانی کۆماری ئیسلامی، تەواوی کۆنەپەرستی ئیسلامی لەئێران وناوچەکەدا دەکەوێتە ژێر مەنگەنەوە .

بەشێوەیەکی دیاریکراویش لەکۆمەڵگای کوردستانی ئێراندا باڵی سوننەگەری دواکەوتە وهێزی پتەوکەری دەسەلاتداریێتی کۆماری ئیسلامی بووە. خەڵك بەکریَ گیراوی و زەبرو زۆری موفتی‌زادە ومەکتەبی قورئانییەکانیان، لەسەردەمی ڕاپەڕین و وپشتیوانی مەلاکانی کوردستان لەکۆماری ئیسلامی لەیاد نەچووە و ئەم توێژە مشەخۆرەی کۆمەڵگایان وەکو هیمایەکی کۆنەپەرست و بەکریَ گیراوانی کۆماری ئیسلامی، ئەناسن. هەربۆیە مەحالە فریوەکانی حزبی دیموکرات بۆ شاردنەوەی ناوەرۆکی ئەم تویژە کۆنەپەرست وقێزەونە، بتوانێت کاریگەری لەسەر بوژاندنەوەی ئیسلام لەجۆری سوننییەکەی وەکو کارتێکی یاری رۆڵی بۆ بگێرێت. بەپێچەوانەوە، ئەم سیاسەتە"نویَیە" و ماهیەتی کۆنەپەرستانەکەی، حزبی دیموکرات زۆرترو زۆرتر لەبەرچاوی خەلك ڕوونتر دەخاتە ڕوو.

بەرەچاوکردنی ئەم ڕاستییە بەهێزانە، پێویستە لەبەرامبەر پرۆژە ڕیسواکەی حزبی دیموکرات لەمەڕ ڕێکخراوی کۆنەپەرستی مەزهەبی لەکوردستان، ڕاشکاوانە بووەستینەوە وبەناکامیدا بیکێشین. ئێمە کۆمۆنیستەکان، کرێکاران، ژنان، لاوان وخەڵکی ئازادیخواز و سیکولار ئەبێت بەدەنگی بەرز ڕایبگەیەنین کەهێنانەکایەوەی دەستەوتاقمی مەزهەبی و پێکهێنانی تەفرەقەو دەستەبەندی مەزهەبی ڕابگرن هەروەها سازدانی "دائیرەی نەهی لەمونکیرات"ی سوننەچێتی و بوژانەوەی مەکتەب قورئان و سوپای ڕزگاری و سەلەفییە میانەڕەوەکان و توندڕەوەکان وهێنانەکایەوەی کۆنەپەرستی مەزهەبی لەکوردستان قەدەغە ڕابگەیەنین وبەهێزی بزوتنەوەی کۆمەلایەتی وڕادیکال ئەم مۆلگەیەی کۆنەپەرستی بەسەر بنیاتنەرانیدا بڕوخێنن.

حزبی حیکمەتیست لەڕیزی پێشەوەی خەباتی لیبڕاوانە وفراوانی سیاسی و کۆمەلایەتی تاکو پوچەڵکردنەوە وناکامکردنەوەی ئەم پرۆژە کۆنەپەرستانەیە بەتەواوی هێزی خۆیەوە رادەوەستێت. ئێمە سەرنجی کرێکاران، ژنان، لاوانی چالاك و ڕێبەرانی بزوتنەوە کۆمەلایەتیە ڕادیکاڵەکان و هەموو ئازادیخوازان ومرۆڤە سکولارەکان بانگەوازدەکەین تا هەستیاربن بەم مەسەلەیەو تێبکۆشن بۆ هێنانەکایەوەی جەبهەیەکی پتەوی خەباتکارانە لەپێناو ناکامکردنەوەی ئەم پرۆژە کۆنەپەرستییەدا.

هەروەها حزبی حیکمەتیست ڕای ئەگەیەنێت کەبێدەنگی ئەحزابی ئۆپۆزسیۆنی کۆماری ئیسلامی لەبەرامبەر ئەم سیاسەتەی حزبی دیموکراتدا، جگەلە یارمەتی دان بەپرۆسەی بەهێزکردنی کۆنەپەرستی مەزهەبی وبرەو پێدانی لەنێوان خەڵکدا مانایەکی تری نییە. ئەم بێدەنگییە نابێت درێژەی پێبدرێت، ئێمە هەموو حزب و ڕەوتە چەپەکان وهەر حزب و ڕێکخراوێك کەخۆی بەلایەنگری سیکولاریزم ئەزانێت، بانگهێشت دەکەین بۆ گرتنەبەری هەلویستێکی سیاسی ڕۆشن و چالاك لەبەرامبەر ئەم سیاسەتە کۆنەپەرستانەیەی حزبی دیموکرات.

## حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری- حیکمەتیست

## 2008/12/23